# یەکەم مەزەلبۆردی تایبەت بە گەیمەرەکان

یاری ئەلکترۆنی بەهۆی ئەوەی چەند ساڵێکە پانتاییەکی زۆری لە ژیانی رۆژانەی گەنجان و هەرزەکاران و تەنانەت بە ساڵاچووانیش داگیرکردووە، بۆیە ئامرازەکانی تایبەت بەو جیهانە رۆژ بەرۆژ لە پەرەسەندن دان. لەم رۆژانەدا کۆمپانیای گیگابایت یەکەم مەزەلبۆردی تایبەت بە یاری ئەلکترۆنی بەناوی G1.sniper2 هێنایە بەرهەم.

مەزەلبۆردی ناوبراو وەچەی دووەمی Core پشتیوانی دەکات، مەزەلبۆردەکە بەهۆی ئەوەی لە سیستەمی Sound blaster سوود وەردەگرێت پێویستی بە دانانی کارتی دەنگ نییە. مەزەلبۆردەکە لە سیستەمی SLi، Cross fireX پشتیوانی دەکات.



# پرینتەرێک دەتوانی بە ئیمێڵ پرینتکردن ئەنجام بدا



پرینتەری جۆری Ali in one کە لەلایەن کۆمپانیای HPیەوە بەرهەم هاتووە لەگەڵ ئەوەیدا کە گشت تایبەتمەندی پرینتەرەکانی دیکەی تێدایە، بەڵام توانایەکی دیکە لە پرینتەرەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە، ئەو پرینتەرە بەبێ هیچ درایڤێك، یان کێبڵ و پرۆگرامێك تەنیا لە رێگەی ئیمێڵەوە لە هەر شوێنێکی جیهان بی فەرمانی چاپ و پرێنت کردنی پێبدەی. بەکارهێنەرانی ئەو پرینتەرە دەتوانن فایلەکانی word، excel، pdf، html، text و وێنە تەنیا لە رێگەی ئیمێڵەوە بە پرینتەری ناوبراو پرێنت بکەن. پرێنتەکە دوو جۆری هەیە جۆری C510 بۆ چاپی وێنە، دوکیۆمێنت...تاد سوودی لێوەردەگیرێت، بەڵام جۆری A7500 بۆ چاپی دەق و نووسین...تاد سوودی لێدەبینرێت. پرینتەرەکە بەبێ ئەوەی کە پێوەندی بەکۆمپیوتەرەوە هەبێت دەتوانێت پێوەندی لەگەڵ هێڵی جیهانی ئینتەرنێت هەبێت.

# تەنیا بە کلیکێک پاسوۆرد لەسەر فایلەکانت دابنێ

لە جیهانی دیجیتالیدا هیچ شتێك وەك داتا شەخسییەکان و دوکیۆمێنت و وێنە و گرتە ڤیدیۆییە شەخسییەکان جێگەی بایەخ نین، بۆ پاراستنیان زۆر شێواز هەیە. یەکێك لەم شێوازانە دانانی کۆدی نهێنی واتە پاسوۆردە لەسەر فایلە شەخسییەکان. گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەرکیان دانانی کۆدی نهێنییە لەسەر فایل و فۆڵدەرەکان، یەکێك لەوانە پرۆگرامی crypt Drag.nـە، ئەو پرۆگرامە پاش ئەوەی کە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دابەزاند، زمانی مەبەستی خۆت هەڵدەبژێری، دواتر ئەو فایل و فۆڵدەرەی کە نیازتە کۆدی لەسەر دابنێی بەشێوەی راکێشان دەخرێتە ناو پرۆگرامەکە، دوای ئەوە داوای کۆدی نهێنی دەکات، تۆ پێویستە کۆدی نهێنی لە بەشی بۆکسی یەکەم و دووەمدا بنووسی و پاشان فەرمانی Encrypt لێبدە. هەروەها دەتوانی لەو پرۆگرامەدا فەرمانێك بۆ راست کلیکی ماوس دروست بکەی و ئەمجارەیان تەنیا بەکلیکێك داتا شەخسییەکەت لەو پرۆگرامەدا هەڵدەگیرێت. گەر نیازتە جارێکی دیکە فایلەکەت لە پرۆگرامەکە وەربگرییەوە پێویستە فایلەکەت بخەیە دەرەوەی پرۆگرامەکە و ئەوکات داوای کۆدە نهێنییەکە دەکات و تۆش بینووسە.



# کۆمپیوتەرە تەبلێتەکەی dell داهێنانێکی نوێ

کۆمپانیای dell وەك یەکێك لە کۆمپانیا سەرکەوتووەکانی بەرهەمهێنی ئامێری دیجیتالی بەتایبەتی کۆمپیوتەری جۆری لاپتۆپ و دیسکتۆپ و لەم دواییانەشدا تەبلێت سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێناوە، نوێترین داهێنانی ئەو کۆمپانیایە جۆرە تەبلێتێکە کە پێیدەگوترێت کۆمپیوتەر تەبلێت، چونکە ئامێرەکە هەردوو تایبەتمەندی کۆمپیوتەر و تەبلێتی لەخۆ گرتووە.

کۆمپیوتەرە تەبلێتەکە کە بە Latitude xt3 ناسراوە، لە شاشەیەکی تەواو لەمسی پێکهاتووە جگە لەوەش بە کیبۆردەیشەوە پێوەند دەدرێت. تەبلێتەکە درایڤی DVDی هەیە و جگە لەوەش وێبکەمی HD هەیە، هەروەها سیستەمی Wi-fiی لەسەرە. لە ئینتەرنێتی خێرایی مۆبایلیش واتە wimaxیش سوود وەردە گرێت.






# ئەو پرینتەرانەی بە خێرایی وێنە چاپ دەکەن

کۆمپانیای E-son کە مێژوویەکی دێرینەی لە بەرهەمهێنانی پرینتەردا هەیە، لەم دواییانەدا پرێنتەرێکی نوێی خستە بازاڕەوە کە بە مۆدێلەکانی Artisan 837 و 730 ناسراون، ئەو دوو مۆدێلە بەمەبەستی بەکارهێنەرانی پیشەیی و بازرگانی بەرهەم هاتووە، بەکارهێنەرانی پرینتەری ناوبراو دەتوانن تەبلێت، لاپتۆپ، کۆمپیۆتەری دیسکتۆپ، مۆبایل بەو پرینتەرانە پێوەند بدەن و بەخێراییەکی زۆرەوە مەبەستەکانیان چاپ بکەن. پرینتەرەکە دەتوانێت لە هەردوو رووی لاپەڕەکە پرێنت بکات. بەهەر شەش چرکەیەك وێنەیەکی رەنگی چاپ دەکات. هەروەها ئۆتۆماتیکی وێنەکان باش دەکاتەوە و جگە لەوەش دەتوانێ لەسەر CD و DVDیش پرێنت بکات.

# سڕینەوەی پرۆگرامەکان لە چەند خولەکێکدا

لە گشت سیستەمەکانی کۆمپیوتەردا، شوێنی کارکردەکانتان و ئەو پرۆگرامانەی کە لەسەر کۆمپیوتەر دابەزیون شوێنێکی زۆر لە هاردی کۆمپیوتەر داگیر دەکەن. لە زۆر بواریشەوە کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی خێرایی کۆمپیوتەر هەیە. گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەرکیان سڕینەوەی پاشماوەی بەجێماوی ئەو پرۆگرامانە و ئەو فایلانەیە کە ئێوە سڕیوتانەتەوە، بەڵام سێبەرەکەیان لە کۆمپیوتەردا هەر ماون.

پرۆگرامی Mac cleanse دەتوانێت گشت کردارەکان لە چەند چرکەیەکدا بسڕێتەوە. بۆ نموونە سڕینەوەی تەواوی پرۆگرامەکان بەبێ بەجێمانی هیچ فایلێك، سڕینەوەی زمانە بێ سوودەکان، بەتاڵکردنەوەی زەینی کۆمپیوتەر، سڕینەوەی راپۆرتەکان، سڕینەوەی کۆکییەکان، کردنە سیفری مێژووی وێبسایتەکان. دۆزینەوە و سڕینەوەی فایلە کۆنە بێ سوودەکان و زۆر توانای دیکەش. بە بەکارهێنانی ئەو پرۆگرامە گەر چەند گیگابایتیش لە هاردەکەتان خاڵی نەبێت، دڵنیابن لانی کەم چەند سەد میگابایتێك خاوێن دەبێتەوە. سڕینەوەکە هیچ مەترسییەکی بۆ سڕینەوەی فایلە گرنگەکان نییە. چونکە بەر لە سڕینەوەی لیستی گشت فایلەکانتان دەداتێ کە بەنیازە بیانسڕێتەوە.





# ڤیدیۆ پرۆژکتەرێک به‌ قه‌د مۆبایلێک

ڤیدیۆ پرۆژکتۆر ئامێرێكی دیجیتالییه‌، بۆ نیشاندانی سلایدی وێنه‌ و فیلمه‌كان به‌ قه‌واره‌یه‌كی گه‌وره‌تر، له‌ دیوار یان له‌ زه‌مینه‌یه‌كی سپی. له‌م دواییانه‌دا ڤیدیۆ پرۆژكته‌رێك به‌رهه‌مهات كه‌ به‌قه‌د مۆبایلێكه‌ و له‌ گیرفاندا جێگه‌ی ده‌بێته‌وه‌. به‌كارهێنه‌رانی ئه‌و ڤیدیۆ پرۆژكته‌ره‌ له‌ هه‌ر شوێنێك بن ده‌توانن وێنه‌ و فیلمه‌كان به‌ كوالێتییه‌كی باشه‌وه‌ نیشان بده‌ن. ڤیدیۆ پرۆژكته‌ره‌كه‌ هاردی ناوخۆیی 2 گیگابایته‌، به‌ڵام شوێنی دانانی فلاش میمۆری و هه‌روه‌ها كارتی میمۆری هه‌یه‌ كه‌ ده‌كرێ هارده‌كه‌ی بكرێته‌ 32 گیگابایت. جگه‌ له‌وه‌ش ده‌كرێت به‌كۆمپیوته‌ر یان مۆبایله‌وه‌ پێوه‌ند بدرێت. هه‌روه‌ها دوو سپیكه‌ری تێدایه‌ كه‌ هێزی ده‌نگیان یه‌ك واته‌ و به‌ باتری شه‌حن ده‌بێته‌وه‌ بۆ هه‌ر شه‌حنكردنه‌وه‌یه‌كیش ده‌توانی هه‌تا 90 خوله‌ك سوودی لێوه‌ربگری.

# لاپتۆپێک تەنیا تایبەت بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ

ده‌كرێ بڵێین فۆتۆشۆپ به‌هێزترین پرۆگرامی گرافیكییه‌ كه‌ هه‌تا ئێستا به‌رهه‌م هاتبێ، له‌ هه‌ر ڤێرژنێكیشدا گۆڕانكاری بنه‌ڕه‌تی تێدا پێكدێ و چه‌ندین تایبه‌تمه‌ندی نوێ به‌ پرۆگرامه‌كه‌وه‌ زیاد ده‌بن. له‌م دواییانه‌دا كۆمپانیای Canova لاپتۆپێكی تایبه‌ت به‌ ئه‌ركی فۆتۆشۆپ به‌رهه‌مهێناوه‌، ناوی لاپتۆپه‌كه‌ v12یه‌، شێوه‌ی لاپتۆپه‌كه‌ وه‌ك ده‌فته‌رێك ده‌چێت، هیچ دوگمه‌یه‌ك و هه‌روه‌ها كیبۆردێك له‌گه‌ڵ لاپتۆپه‌كه‌دا نییه‌، ته‌نیا به‌هۆی قه‌ڵه‌مێكی له‌مسییه‌وه‌ ئه‌ركه‌كان جێبه‌جێ ده‌بن. جگه‌ له‌وه‌ش ئه‌ركی فیلته‌ر و پلاگینه‌كان هه‌ر به‌ هۆی ئه‌و قه‌ڵه‌مه‌وه‌ جێبه‌جێ ده‌بێت. لاپتۆپه‌كه‌ له‌دوو پارچه‌ پێك دێت، یه‌كێكیان ده‌بێته‌ مۆنیته‌ر و دووه‌میان وه‌ك كیبۆردێكی مه‌جازی یان وه‌ك تاچ په‌دێك، رامی لاپتۆپه‌كه‌ 8 گیگابایته‌ هارده‌كه‌شی 500 گیگابایته‌ له‌ جۆری i5ـه‌، تایبه‌تمه‌ندییه‌كی گرنگی لاپتۆپه‌كه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ هه‌ردوو جۆری ویندۆز و ماك ده‌گونجێت.



# ئەو کۆمپیوتەرەی وەک کاتژمێر لە پەنجە دەخرێت

ئه‌و وێنه‌یه‌ی كه‌ ده‌بینن گومان ده‌كه‌ن كه‌ كاتژمێرێكی ده‌ستی بێ، به‌ڵام نا سه‌رتان سوڕنه‌مێنێ كه‌ ده‌ڵێین كۆمپیوته‌ره‌كه‌ به‌ هه‌موو تواناكانی كۆمپیوته‌ره‌وه‌ به‌و قه‌باره‌ بچووكه‌وه‌. ناوی كۆمپیوته‌ره‌ بچووكه‌كه‌ WIMMـه‌ شاشه‌كه‌ی ته‌نیا یه‌ك ئینجه‌. پێده‌چێ سیسته‌می به‌گه‌ڕخه‌ری ئه‌ندرۆیدی له‌سه‌ر بێت، ئێستا پرۆگرام نووسه‌كان خه‌ریكی نووسینی پرۆگرامن بۆ ئه‌و كۆمپیوته‌ره‌. كۆمپیوته‌ره‌ ده‌ستییه‌كه‌ بلوتوسی هه‌یه‌ و جگه‌له‌وه‌ش تۆڕی وایه‌ر له‌یسیشی هه‌یه‌، به‌ ئینته‌رنێتیش پێوه‌ند ده‌درێت.

پرسیارێك دێته‌ گۆڕێ ئایا كۆمپیوته‌رێك كه‌ به‌قه‌د كاتژمێرێكی ده‌ست بێت چ سوودێكی هه‌یه‌؟ له‌وه‌ڵامدا ده‌ڵێین به‌ر له‌هه‌موو شتێك كاتژمێرێكی باشه‌، به‌هۆی بلوتوسه‌وه‌ له‌گه‌ڵ مۆبایله‌كه‌ت پێوه‌ندی ده‌بێ و پێوه‌ندییه‌كان له‌سه‌ر كاتژمێره‌كه‌ ده‌بینی. كه‌ش و هه‌وا نیشان ده‌دات. دوایین هه‌واڵه‌كان له‌سه‌ر كۆمپیوته‌ره‌ بچووكه‌ ده‌خوێنیه‌وه‌، ده‌توانی گه‌مه‌ی ئه‌لكترۆنیشی له‌سه‌ر بكه‌ی.






# فلاش میمۆرییەک
# تایبەت بە پرۆگرامەکانی Office 2010

کۆمپانیـــای مایکرۆســۆفت وەك گەورەتریـــن کۆمپانیـــای بەرهەمهێنەری سیستەم و پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر سەیر دەکرێت، بەڵام ســاڵانە بەهۆی ئەوەی کە لە وڵاتانی جیهاندا بەتایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆربەی پرۆگرام و سیستەمەکانی مایکرۆسۆفت دەدزرێن و هاك دەکرێن، بە ملیۆنان CDی کۆپیکراو لە بازاڕەکانی جیهاندا هەیە، ئەمەش زیانێکی گەورەی مادی بەم کۆمپانیایــە دەگەیەنێت، بۆیە کۆمپانیای ناوبراو لەمەولا بڕیاری داوە کە بەرهەمەکانی خــۆی لە فلاش میمۆریدا دابنێــت، بۆ نموونەئەو فــلاش میمۆرییە کە تایەتە بە ئۆفێــس 2010 کە هیچ کەسێك ناتوانێت کۆپی بکات، ئەم فلاشە وەك دینــگڵ بەکاردێت، لــەو کاتەی کە ســوود لە پرۆگرامی ئۆفێس وەردەگرێ دەبێ هێڵــی ئەنتەرنێتت هەبێت. تەنیا بۆ یەك کۆمپیوتەریش بــەکار دێت. بەمەش ڕێگــری دەکرێت لە دزیــن و هاککردن و کۆپی کردنی پرۆگرامەکان و هەروەها لە دزە کردنی ڤایرۆسەکان.



# هــــەر جـــــارەو وەڵامــــــی پرسیارێـــــــک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیاری ئەوە دەکات ئایا دەکرێت جگە لە ڕێگەی داگرتنی دوگمەی prnt scrn شــێوازێکی دیکــە بەکاربهێنرێت بۆ وێنەگرتنی تەواوی شاشــە یان بەشێك لە شاشەی کۆمپیوتەر. بەڵێ خوێنەری بەڕێز گەلێك پرۆگرام هەن بۆ ئەوەی کە وێنەی تەواو یان بەشێك لە شاشەی کۆمپیوتەرەکەت بگری و پاشان وەك وێنەیەك خەزنی بکەی، بەڵام ئەگــەر هیچ پرۆگرامێك کە ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات لەســەر کۆمپیوتەرەکــەت نەبــوو، ئەوا لە خودی ویندۆز7دا تایبەتمەندییەکی وا هەیە کە ئەو ئەرکە رادەپەڕێنێ، بۆ ئەم مەبەســتە سەرەتا بچۆ سەر شریتی start و پاشان پرۆگرامی sipping tool لێبدە، بە لێدانی ئەو پرۆگرامە بچووکە پەنجەرەیەك دەکرێتەوە و ماوسەکەت وەك هێمای + لێدێت، تۆ ماوســەکەت لە هەر شوێنێك لەشاشەکە رابکێشە دەبینی بە ئەندازەی راکێشانی ماوسەکەت ئەو شوێنە دەبێتە وێنەیەکی JPG و دەتوانــی بەهەر ناوێك کە حەزی لێدەکەی خەزنی بکەی.

# پرۆگرامی Internet Download Accelerator
# خێراییەکی بێ سنوور لە دابەزاندنی پرۆگرامەکان

گەلێك پرۆگرام هەن بۆ دابەزاندنی فایل و پرۆگرام و داتا لە ئەنتەرنێت، یەکێك لەو پرۆگرامە بەهێزانــە کە دەتوانێت هەتا خێرایــی 500 % فایلەکان لە ئەنتەرنێــت وەربگرێ، پرۆگرامی Internet Download Acceleratorە. پرۆگرامەکە بەپێی ئەو سیستەمەی هەیەتی فایلەکان دەکاتە بەش بەشــی بچووك بۆ ئەوەی کە لە دابەزاندندا تووشــی گرفت نەبێت. گەلێك جاران لەکاتی دابەزاندنی پرۆگرامێکدا، هێڵی ئەنتەرنێت بەهەر هۆیەك بێــت دەپچڕێت، ئیدی ئەوەی دامانبەزانــدووە دەبــێ لە خاڵی ســفر را دەســتپێبکاتەوە، بــەڵام بەهۆی ئەو پرۆگرامــە و پرۆگرامە هاوشــێوەکانی ئیدی بەکارهێنەر رەنج بەخەســار نابێ و لــەو کاتەوەی کە هێڵی ئەنتەرنێت هاتەوە لە کوێ پچڕاوە لەوێڕا دەســتپێدەکاتەوە. پرۆگرامەکــە لەگــەڵ زۆربەی دینەمۆکانــی بەدواداگەڕانــی سایتەکانی ئەنتەرنێتدا دەگونجێت.

